## رێنمایی دارایی ژمارە ( ٤ )
## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکی رافیدەین
## ب / قەرزی پیشەسازی

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە /٩٢٤٩ لە ٢٠١٠/٨/١٨ و بە دوای رێنماییمان ژمارە (٢٤) ی ساڵی /٢٠١٠ و بۆ زیاتر بایەخ دان بە کەرتی پیشەسازی و پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و دوای دیراسەت کردنی چۆنیەتی بەرهەم هێنان و بەرزکردنی ئاستی توانای پیشەسازی لەگەڵ لایەنەپەیوەندارەکان بۆ دیاری کردنی پێداویستیە گرنگەکانی هاووڵاتیان و کەرتی تایبەت لە هەرێم بڕیارماندا بە هەموار کردنی رێنمایی دارایی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە لەگەڵ دەست نیشان کردنی جۆرەکانی بەرهەمە پیشەسازییەکان ئەوانەی قەرزی پیشەسازی دەیانگرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :-

### یەکەم //

بەنکی پیشەسازی هەڵدەستێت بە خەرج کردنی پێشینە بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی ئەوانەی کە مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتووە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یان لە دەستەی وەبەرهێنان ، پێشینەکەش تەرخان دەکرێت تەنها بۆ کرینی ئامێری پیشەسازی بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە پلانی ساڵانەی وەزارەتی بازرگانی پیشەسازیدا هاتووە لەگەڵ پرۆژە پیشەسازییەکانی دەستەی وەبەرهێنان .

### دووەم //

١- رێژەی خەرج کردنی پێشینەکە (٦٠٪) ی بەهای خەملێنراوی ئامێرەکان دەبێت کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی یان دەستەی وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت بە ئاماژە بوونی نوێنەری بانکی پیشەسازی .
٢- بڕی پێشینەکە نابێت لە (٥٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر بێت .
٣- بڕی پارەی خەرجییەکانی کارگێری بەم شێوەی خوارەوە وەردەگیرێت :-

أ- (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ ئەو قەرزانەکە بڕەکەیان لە (٢٠٠) ملیۆن دینار کەمترە

ب - (٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ ئەو قەرزانە کە بڕەکەیان لە (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاترە .

**سێیەم**

١- **شێوەی خەرج کردنی پێشینەکە .**

أ- (٣٠٪) خەرج دەکرێت دوای ئامادەکردنی شوێنی پرۆژەکە و [illegible] و بەڵگەکانی کرین .

ب - (٤٠٪) خەرج دەکرێت دوای کڕینی ئامێرەکان بەپێ ی پسولە و بەڵگەکانی کرین.

ج - (٣٠٪) خەرج دەکرێت دوای دەست بە کاربوونی پرۆژەکە .

٢- ماوەی گەڕاندنەوەی پێشینەکە :

تاکو (١٠٠) سەد ملیۆن دینار لە ماوەی (٣) سێ ساڵ .

(١٠١ - ٢٠٠ ) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ .

(٢٠١- ٣٠٠) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ .

(٣٠١ - ٥٠٠) ملیۆن دینار بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ .

٣- ڕێژەی سوودی دواکەوتنی قیستەکان (١٠٪) دەبێت لە سەر رەسیدی پێشینەکە .

**چوارەم //**

١- پێویستە وەرگری پێشینەکە مولکێك دەستەبەر بکات لەبەرژەوەندی بەنکی پیشەسازی سەرەرای کەفیلێکی کەسایەتی بە مەرجێ بە های مولکەکە بگونجێت لەگەڵ بڕی پارەی قەرزەکە .

٢- بەشداری کردنی نوێنەری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یان نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان بەپێ ی پەیوەندی پرۆژەکان لە لێژنەکانی پشکنینی بەنکی پیشەسازی .

٣- داواکار پێشتر پێشینەی وەرنەگرتبێت لە یەکێك لە بەنکەکانی پیشەسازی لە هەرێم .

٤- سیستەمی وەرگیرانی قەرز (تدویر الدین) کاری پێناکرێت لە کاتی فرۆشتنی پرۆژەکە یان گواستنەوەی مولکیەتی لە ناوێك بۆ سەر ناوێکی تر .

**پێنجەم //**

١- تەمەنی ئامێرەکان نابێت لە (٤) چوار ساڵ زیاتر بێت لە بەرواری بەخشینی مۆڵەتەکە

٢- ئامێرەکان دڵنیایی لە سەر دەکرێت دژی سووتان لە ماوەی قەرزاریەکەی بەپێ ی خەملاندن و یاساو ڕێنماییەکانی کۆمپانیای دڵنیایی.

**شەشەم //** دامەزراندنی پرۆژەکان پێویستە لە شوێنەکانی پیشەسازی دا بێت یان لەو شوێنانەی کە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لە سەر وەرگیراوە لەگەڵ پێشکەش کردنی سەنەدی زەوییەکە یان گرێبەستی یاسایی .

**حەفتەم //** جۆرەکانی بەرهەمە پیشەسازیەکان کە قەرزی بەنکی پیشەسازی دیانگرێتەوە :

**١- پیشەسازی خۆراك**

أ- ڕۆنی زەیتونی پاڵاوتەکراو .

ب- ڕۆنی ڕووەکی (گوڵەبەرۆژە و گەنمە شامی) .

ج- شیرمەنی (بەرهەمەکانی شیر و البان) .

د- ئاوی کانزایی پاڵێوراو و لە سەرچاوە سروشتیەکان .

هـ- ئاردی سفر .

و- دۆشاوی تەماتە .

## ٢ - پیشەسازی رستن و چنین

أ- مافووری میکانیکی .

ب- موکێت و کومبار .

ج- جل و بەرگی جۆراوجۆر .

د- خۆشە کردنی پێستی خاو .

## ٣- پیشەسازی بیناسازی

أ- خشتەی هونەری .

ب- کاشی مۆزائیك .

ج- کاشی سیرامیك .

د- گەچ (ئۆتۆماتیك).

هـ- مەرمەرو گرانێت بە کارگەی پێشکەوتوو .

و- پرۆژەی بینای عازل .

ز- فلەر .

ح- قالبی کۆنکریتی ئامادە کراو بۆ بینا .

ی- ئامێرەکانی کۆنکریتی ئامادەکراو جگە لە ئۆتۆمبیلەکانی .

ك- بلۆکی عازل .

ل- چیمەنتۆ .

## ٤- پیشەسازی فلزییەکان

أ- دروست کردنی قنینەی غاز .

ب- دروست کردنی شیشی جۆراوجۆر .

ج- پرۆفایلی ئاسن و ئەلەمنیۆم .

د- رادیێتەری ئۆتۆمبیل .

## ٥- پیشەسازی نافلزییەکان

أ- پاککەرەوەکان (فاس ـ زاهی ـ شامبۆ ـ سابون ـ تاید ... هتد) .

ب- بۆیاغی زەیتی و ئاوی (هەمۆشن) .

ج- بۆری ئاومرۆ لە (H DPE) .

د- کورسی و مێز و سندوقی پلاستیکی جۆراوجۆر

هـ- بەرهەم هێنانی رۆنی ئۆتۆمبێلی بنەرتی .

و- بۆری ئاوی پلاستیکی .

ز- پاتری ئۆتۆمبێل .

ح- حفاضة (دایبی) .

ط- چاپخانەی پێشکەوتوو .

ی- کارگەی دروست کردنی تایە .

ك- بەرهەم هێنانی تەختەی داری جۆراوجۆر زۆر پێشکەوتوو .

ل- جەمەلۆن پلاستیك شفاف .

## ٦- پیشەسازی کارەبایی

أ- وایەر و کێبلی جۆراوجۆر .

ب- ترانسفۆرمەری (محولات) کارەبا .

ج- دروست کردنی عامودی کارەبای ئاسن .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ...لەگەڵ رێزدا .

**بابز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــــران / سەرۆکایــــەتی دیوان/ ف - یاسایی / بــۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ رێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س)
- وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی
- دەستەی وەبەرهێنان

بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ رێزدا .

- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ رێزدا .
- بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی ... تکایە .
- بەرێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر/دهۆك/سۆران/ئاکرێ /زاخۆ/کۆیە/ بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- خەرجییەکان / چاودێری و پشکنینی دارایی .
- زمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .